باشترین خێر کردن بریتیە لە: بەخشینی سێبەری خێمەیەک لە پێناوی خوای گەورە، وبەخشینی خزمەتکارێک لە پێناو خوای گەورە، یان بەخشینی وشترێکی پێگەیشتوو لە پێناو خوای گەورە

لە ئەبی ئومامەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «باشترین خێر کردن بریتیە لە: بەخشینی سێبەری خێمەیەک لە پێناوی خوای گەورە، وبەخشینی خزمەتکارێک لە پێناو خوای گەورە، یان بەخشینی وشترێکی پێگەیشتوو لە پێناو خوای گەورە».

[حەسەنە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

باشترین شت کە مرۆڤ بیکاتە خێر ئەم سێ شتەیە، سێبەری خێمەیەک (بەخشینی خێمەیەک) یان خزمەتکارێک یان وشترێکی پێگەیشتوو کە ئامادە بێت بۆ زاوزێ کردن، ئەگەر ئەم بەخشینە بدرێت بە موجاهیدان لە پێناوی خوای گەورە یان بدرێت بە هەژاران وخاوەن پێویستیەکان؛ ئەوا ئەمە لە پێناوی خوای گەورەیە. وهۆکاری ئەوەی کە ئەمانە باشترین بەخشینن ئەوەیە کە لەو کاتەدا خەڵکی زۆر پێویستی بەم شتانە هەبوو، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ویستی هانیان بدات بۆ بەخشینیان لە پێناو خوای گەورە، بەڵام ئێستا زۆربەی خەڵک پێویستی بەم شتانە نییە یان لە هەندێک شوێن هەیە کە هێشتا پێویستیان بەم شتانەیە، وحوکمیش لەسەر زۆرینەیە. بەڵام لە ئەمڕۆدا دەبێت ئەو شتانە ببەخشرێت بە خەڵکی کە لە گرنگترین پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3568